# سکرتێری گشتی سەردانی گڵکۆی چەند شەهیدی سەربەرزی سازمانی خەباتی کرد



ڕۆژی هەینی ٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ی کۆچی خۆری ـ ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨، بەرێز و تێکۆشەر جەنابی کاک بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمان بە هاورێیەتی ژمارەیێك کادر و پێشمەرگەی سازمانی خەبات سەردانی گڵکۆی شەهیدانی سەربەرزی سازمان: شەهید ڕەحمان قادری، شەهید عەبدوڵا ئەحمەدپوور، شەهید تاهیر فەیزی و شەهید عەلی مورادی لە گۆرستانی بەکرەجۆ لە نزیك شاری سلێمانی کرد و بە فاتێحەیێك بۆ ڕەوانی پاکی شەهیدانی سازمان، جارێکی دیکە بەڵێنیان دووپات کردەوە، سازمانی خەبات تا وەدی هاتنی ئامانجی شەهیدانی سوورخەڵات و گەلی ستەم لێکراوی کورد دەست لە تێکۆشان هەڵناگرێ.

سکرتێری سازمان بڕیاری دا کە تێکڕای گڵکۆی شەهیدانی سازمان لە پارێزگای سلێمانی دیاری بکرێن و سەر لە نوێ ڕێکەوتی شەهادەت و ناونیشانیان لە سەر بنوسرێ.

هەروەها بەرێزیان سەردانی ژمارەیێك لە ئەندامان و لایەنگرانی سازمان و دۆستان لە شاری سلێمانی و دەورووبەری کرد.

# سەردانی پێوەندییەکانی سازمان لەسلێمانی لە حیزبی ڕێکەوتنی دیموکراتی کوردی سوریە

بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٩ شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتی سازمانی خەبات لەسلێمانی کە پێك هاتبوون لەبەرێزان سەیید کامیلی نورانی فەرد بەرپرسی پێوەندی سلێمانی و ئەندامی کومیتەی ناوەندی و کاك خالید زەندی کادری پێوەندییەکان بە مەبەستی پیرۆزبایی یادی چوارەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی ڕێکەوتنی دیموکراتی کوردی سوریە سەردانی بارەگای سەرکردایەتی ئەو حیزبەیان لە شاروچکەی بەردەقارەمان کرد و لەلایەن بەرێزان فەوزی شەنگالی سکرتیری گشتی و حوجی عەفرینی و نەشئەت عومەر و ساڵح سۆفی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ئەحمەد عومەر بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی ڕێکەوتی دیموکراتی کوردی سوریە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا، شاندی سازمان پیرۆزباییان بە بۆنەی یادی دامەزرانی ویفاق پێش کەش بەرێبەرایەتی حیزبی ویفاق کرد و هەردوولا لەسەر پتەوترکردنی پێوەندییەکان پێیان داگرتەوە. لەو دیدارەدا هیئەتی سازمان و سەرکردایەتی حیزبی ڕێکەوتنی دیموکراتی کوردی سوریە لەسەر مەسەلە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کورد ووتووێژ و ئاڵوگۆری بیروبۆچوونیان کرد.

***

# بەشداری کۆمیتەی نۆروێژی سازمان لە پرسەی محەممەد عەبدوڵا پوور

ڕۆژی هەینی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ـ ١٤ی نوامبری ٢٠٠٨، هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بەشداری کرد لە پرسەی محەممەد عەبدوڵا پوور ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

کاك مەحموود یوسفی ئەندامی کۆمیتە نۆروێژی سازمانی خەبات، بروسکەی ماتەمینی کۆمیتەی نۆروێژی پێشکەش بە ئامادەبووان و کەس و کاری کۆچ کردوو کرد.

# باراك ئۆباما ٤٤ مین سەرۆك کۆماری ئەمریکا

سارۆ



هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بە سەرکەوتنی باراك ئۆباما پاڵێوراوی حیزبی دیموکرات بە سەر جان مەك کین، پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان کۆتایی پێهات و بۆ یەکەمین جار کەسێکی ڕەش پێست لە ئەمریکا دەبێتە سەرۆك کۆمار، لەم بابەتە دا مەبەستمانە باسی بەشێك لە لایەنەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بکەین. هەروەك زۆر لێکۆڵەرەوەی سیاسی ڕۆژنامەنووس و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن باسیان کردووە و بابەتیان لە سەر بڵاو کردوەتەوە، یەکێك لە بەر چاوترین سەرنجەکان لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەمریکا سەرکەوتنی کەسێکی ڕەش پێستی بە ڕەگەز ئەفریقاییە کە ئەوەش یەکێکە لە دیاردەکان لە شێوەی دیموکراسیی جێگیر لە ئەمریکا. بێگومان ئەو شێوە هەڵبژاردنەی کە لە ئەمریکا پەیڕەو دەکرێ و هەروەها ڕادەیووشیاری خەڵکی ئەو وولاتە جێگەی سەرنجە و حەقە دەرسی لێ وەرگیرێ،کاتێك ئەندامانی حیزبی کۆماریخواز دەنگ یان دا بە پاڵێوراوی دیموکراتەکان ، بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند

لە بەر ئەوە دەنگ یان دا بە پاڵێوراوی دیموکراتەکان،چونکە ئەو بە باشتر لە پاڵێوراوی خۆیان واتە کۆماریخوازەکان دەزانن، لە لایەکی دیکەوە کاتێك جان مەك کین پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان شکستی خوارد بە زوویی پیرۆزبایی لە باراك ئۆباما کرد و ڕایگەیاند هەموو خەڵکی ئەمریکا دەبێ لە پشت سەری سەرۆك کۆماری نوێ ی وولاتەوە بن و بە تێکڕا لە خزمەتی وولاتماندا بین. بێگومان ئەو هەڵسوکەوت وهەڵوێستانە و شێوەی هەڵبژاردن لە ئەمریکا بۆ خۆی لە گرینگترین و بە بایەخ ترین ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنەیە، جا ئەوەی سەرۆك کۆمارەی هەڵبژێردراوە دەتوانێ سەرکەوتوو بێ یان نا ئەوە بۆ خۆی باسێکی دیکەیە و هەوڵ دەدین لێ بدوێن.لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە هۆی چی بوو جان مەك کین پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان دۆڕاندی، زۆر کەس لەو بارەوە لێدوانیان داوەو ئیشارەیان بە چەند هۆێیك کردووە کە بوونە هۆی شکستی کۆماریخوازەکان، کە بێگومان بەشی زۆری ئەو بۆچوونانە ڕاستن لەوانە سەرنەکەوتنی ئەمریکا لە جەنگی دژە تڕۆر کە کوژرانی سەربازانی ئەمریکایی لە عێراق و ئەفغانستانی بە دواوە هات و هەروەها لە دەستدانی متمانە وخۆشەویستی ئەمریکا لە جیهان ، بەڵام دیارترین و سەرەکی ترین هۆی شکستی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژارندا باری ئاڵۆزی ئابوری لە ئەمریکا و جیهاندا بوو، هاتنی ئەو کێشە گەورەیە کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا نەبیندراوە، یارمەتی دەری سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی ئۆباما. ئەگەر وەزعی ئابوری ئەمریکا بەو شێوەیە لێ نەهاتایە ئۆمێد هەبوو کە جارێکی دیکە کۆماریخوازەکان لە کۆشکی سپی جێگیر بنەوە، بەڵام وەزعی ئاڵۆز و جەرگ بڕی ئابوری وای کرد کۆماریخوازەکان نەك کۆشکی سپی بەڵکوو لە کونگرەشدا لە کەمایەسیدا بن. بێگومان ئەگەر دەوڵەتی جورج بوش لە جەنگی دژە تڕۆردا هێندێك سەرکەوتنی وەدەست بێنایە و وەزعی ئابوری ئامریکا بە تایبەت وجیهان بە گشتیی بەو ڕادەیە ڕوو لە داکشان نەبوایە هیچ کات دیموکراتەکان نەدەگەیشتنە کۆشکی سپی.

مەسەلەییێکی دیکە ئەوەیە کە ئایا باراك ئۆباما و دەوڵەتەکەی دەتوانن ئەو بەڵێنیانەی کە لە ماوەی پڕۆپاگەندەکان بۆ هەڵبژاردن دایان جێبەجێ و پراکتیزەیان بکەن. بەشێك لەو بەڵێنیانەی بۆ سەرۆك کۆماری نوێ ی ئەمریکا ئاسانن بۆ نمونە گێڕانەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا لە عێراقە بەڵام ئایا ئاکامی ئەو بڕیارە لە داهاتوودا چەندە زیانی بۆ ئەمریکا بە دواوە دەبێ لە هەمان کاتدا حیزبی دیموکرات تووشی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی دەبێ. ڕەنگە لە ئێستا ئەو کارە ئاسان و مەعقول بی، بەڵام لە درێژماوەدا کاریگەری خراپی دەبی، بە تایبەت کە ئەمریکا لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەدام حسێن و دامەزراندنی دەوڵەتی ئێستای عێراق ڕۆڵی سەرەکی بینیوەو لە هەمان کاتیشدا توانیویە، بارودۆخی ئەمنیەتی ئەو وولاتە بە شێوەیەکی بەرچاو باش بکا. بۆ دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا ئاسان نابێت پشت لەو دەسکەوتە گەوریە بکات کە بە خوێنی زیاتر لە چوار هەزار سەربازی ئەو وولاتە و خەرج کردنی چەندین تریلیۆن دولار هاتۆتە دی. بۆیە ئەگەر باراك ئۆباما بەڵێنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایی جێبەجێ بکاو بنکەی سەربازی خۆی لە عێراقدا نەهێڵێتەوە یەکەمین هەڵەی سیاسی دەکا. مەوزوعێکی دیکە لە سیاسەتی خارجی کە دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا ڕووبەرووی دەبێتەوە کێشەی ڕژیمی ئاخوندی ئێرانە و هەوڵەکانی ئەو ڕژیمە بۆ پەرە پێدانی گەڵاڵە ناوکەییەکانیەتی کە گومان لەوە دا نیە ڕژیم مەبەستی وەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمیە. لە پێوەند بە ڕژیم، باراك ئۆباما ڕایگەیاندووە بە بێ هیچ مەرجێك لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران کۆ دەبێتەوە. ئەگەر مەبەستی باراك ئۆباما لە ووتووێژ لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ڕژیم بۆ ئەوە بێ فشارەکانی کۆمەڵگای جیهانی و ئەو هەرەشانەی کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێران خواستی کۆمەلگای جیهانی جێبەجێ نەکەن پێیان بگەێنێ وتووێژەکان ئاسایی دەبێ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە مەبەستی ئۆباما ئەوە بێ چاوپۆشی لە ڕژیم وهەوڵە چەك سازیەکان و گەڵاڵە ناوکەییە مەترسیدارەکان بکا و لەو پەیوەندەدا مەعامەلەی ژێربەژێر و شاراوە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ڕژیم بکا بێگومان ئەو کارەش دووهەم هەڵەی کوشندە بۆ دەوڵەتی ئۆباماو ئەمریکا دەبێ. بەو پێ یەی کە باراك ئۆباما، بە هۆی باس کردن لە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی ئەمریکا و باس لە دانوستان لە گەڵ ڕژیم و تێکڕای ئەو وولاتانەی کێشەیان لە گەڵ ئەمریکا هەیە، یان ئەمریکا کێشەی لە گەڵیان هەیە، دەبێ چاوڕوانی ئەوە بین کە سەرۆك کۆماری داهاتووی ئەمریکا سیاسەتی هێمنانە وسازان و چاونوقاندن لە گەڵ ڕژیمە سەرەڕۆکان و دیکتاتۆرەکان بگرێتە بەر، دیارەئەگەر ڕاوێژکارەکانی و ڕای گشتیی ئەمریکاو ئیسرائیل لە لایەکی دیکە لەو هەڵوێستانە پاشگەزی نەکەنەوە. بێگومان ئەوە باشە دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی ئێستای جۆرج بووش پێك بێنن، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە بەو نەوعە نەبن کە دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتە ملهۆڕەکان بە ئاسودەیی درێژە بە سەرەڕۆییەکانیان بدەن. ئەگەر دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا هێندێك لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی جورج بوش درێژە پێ نەدا، گومان نیە ئەمریکا یەکەم هێزی گەورەی جیهانی دێتە خواری زۆر دەوڵەت و وولاتانی دیکە، لە پێشیانەوە روسیە مەیدانیان بۆ خۆش دەبێ، وەك دەسەڵات و هێزی سەرەکی خۆیان فەرز بکەن و لە موعادەلاتە جیهانیەکان و سیاسەت دارشتنەکاندا داوای جێگە و شوێنی زیاتر بکەن. هەر لەو پەیوەندیەدا نابێ مەبەست و ئیستراتێژی دەسەڵاتی ئاخوندی کە مەبەستیەتی بە سەر بەشێکی زۆر لە وولاتانی ئیسلامیدا، سیاسەتی خۆی فەرز بکاو پەرە بە پاوانخوازیەکانی بدا لە بیر بکرێ.

مەوزووعێکی دیکە کە پێویستە ئیشارەی پێ بکەین ئەوەیە کە هەر چەند ئەمریکا قازانج و مەسڵەحەتەکانی خۆی پێ گرینگترە لە مەسڵەحەتی خەڵکی دیکە، بەڵام دبێ ئەوە بخەینە بەرچاو کە سیاسەتی ئەمریکاو بڕیارەکانی ئەگەر چی بە شێوەی سەرەکی پەیوەندی بە خەڵکی ئەمریکاوە هەیە، بەڵام بە هۆی ئەوە کە ئەمریکا هێزێکی گەورەی جیهانیە و لە موعادەلاتە ناوچەییەکاندا و لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵدا جێگەی دیار و چارەنووس سازی هەبووە، بۆ گەلی کورد و خەڵکی ئێران بە تێکڕاو تەواوی وولاتانی دیکەی جیهانیش گرینگی هەیە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر وەززعی سیاسی و ئابوری و دامەزراوی هەر کام لە ناوچە و وولاتانی جیهان هەیە. دیارەدەبێ چاوەڕوان بین‌و بزانین دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا بڕیاروهەڵوێستەکانی چۆن دەبن؟ ئایائەوەی گوتراوە و پڕۆپاگەندەی بۆ کراوە بە کردەوە جێبەجێی دەکا؟ یان ئەوەی بە دەست بەکار بوون و لە کاتی کردەوەدا ئاڵوگۆڕیان بە سەر دێنێ.

***